# ( ڕاچڵەکێنی کۆمەڵگا , بە لەمەرگی شێخ زانا )

ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس

پارساڵ وەکو بومەلەرزەیەکی ترسناك , ئاشکرابوون و دەستگیربوونی شێخ زانا و گروپە تیرۆرستیەکەی . سەراپای ژیانی ئاسایی خەڵکی کوردستانی هێنایە هەژان . لەگەڵ نیشاندانی ڕووخساری تاوانباران لەشاشەی تەلەفزیۆنەکان و دانان بەتاوانیەکان , ئەو تاوانانەی ئەگەر چی لەڕابردوو کرابوون . بەلاّم نیشاندانیان سەراپای ژیانیان لەم ولاّتە بەجۆرێك هێنایە لەرزە . زۆری نەمابوو تێکرای پەیوەندییە کۆمەلاّیەتیەکانی تاکەکانی نیشتمانەکەم دۆخێکی پشێوی گەورە وەربگرێ و بۆ سالاّنێکی زۆر لەجێی خۆیان نەمێنن و ئەوەی پێدەگوترێت هاوڕێیەتی و خۆشەویستی بایەخی نەمێنێت . گێڕانەوەی بەسەرهات و سەرگوزشتەکان هەر لە دامەزراندنی گروپەکە لەساڵی 1995 و تاوانە دەستەجەمعیەکان و کردەی سێکسە ناوازەکانیان . بەسەرهات و چیرۆك گەلێك بوون . بۆ مرۆڤی ئەم وولاّتە نەخوازرا و نامۆ و تازە بوون

هەبۆیە خەڵك و ڕای گشتی , تەنانەت چاوەروانیدادگایی و بڕیارەکانی دادگاشیان نەدەکرد . زۆر بوون ئەوانەی دەیانخواست , مەرگی شێخ زانا و گروپە تێرورستیەکەی بەیەکجاری دۆسێی ترس و تۆقین , مەرگ و تیرۆر لەم ولاّتە داخەن .ڕای گشتی هێندە بە تەوژم لە دژیان جولاّ , بەهۆی ئەم کارلێکە , کەس و کار و خزمەکانیان , وەکو خەڵکی ئاسایی هەرگیز خۆیان بەخاوەن نەکردن .

ساتێکی نەخوازرا و سەیر بوو , کە خەڵکی پیاوێکیان ناسی , هەڵخەڵتێنەر و لەخشتەبەری کۆمەڵە گەنجێکی خویندەوار و بەحساب لە خوا ترس بوون , کەچی !! بە جۆرێك فریودرابوون . جیا لەکردنی تاوان , بێی رەوشتی و دزێو ترین سەربڕین و پارچەپارچەکردنی . بەدبەخترین مرۆڤی بێی تاوانی خەڵکی کوردستانیان پێکرا بوو .

ئەم پیاوە بە تاوانە ترسناك و خەمهێنەکانی , هەر وەك چۆن ڕای گشتی و نەفرەتی بۆ خۆی و گروپەکەی دروست کرد . بەمەرگیشی یاسایەکی چەند ساڵ سڕ بووی لە دەسەلاّتدا زیندوو کردەوە . کە خودی یاسایەکە هەلگری مەرگە و سەرەنجام گیانی تاوانبارانی پێی بە کۆتا دێت .

هەروەکو هەرگیز نەم دەخواست , گروپ گەلێکی دڵرەق و بێ ویژدان , ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بێت ژیان لەم ولاّتە بۆ ئاڤاری ترس و توقین بەرن , هەرگیزیش خوازیار نەبووم , یاسایەکی سڕکراو , کەهەڵگری مەرگە , ئەگەر بۆ تاوانیارانیش بێت , هەموار بکرابایەوە . هەرچەندە لەوەش بە ئاگام , مەرگی تاوانباران واتا بەخشینی ژیان بۆ زۆرینە و شانسی مانەوەی هەمووانە .

2006/9/26